# بەیانیتان باش... هەموو هاتووین؟




بە بزەوە بەرەو پیلی قسەکانی چووین و باسەکانمان دەست پێکرد. باسی خەباتی میللەتێک... باسی ماف و داوای گەلێک... باسی بەشمەینەتیی کۆمەڵگەیەک... باسی زەوتکردنی هەموو ڕەواییەک بە چەکی ناڕەوا...

هیندێکمان گوێمان هەڵخستبوو... هیندێکمان پێنووسەکانمان لەسەر ڕووپەڕی کاغەز دەگەڕان و ئەوەی دەنووسرا لە پێناو چارەسەر بوو... بۆ کێشانەوەی داهاتوویەکی ڕوون بوو... بۆ بەختەوەریی گەل بوو...

هەموو هۆڵی باسەکە، هەموو چیرۆکی قەڵەم و دەفتەرەکان، هەموو سرتە و باسی بەشداران، هەموو خەم و ڕاوێژان هەر بۆ ئەوە بوو کە چۆن وەرزی بەهاری ڕزگاریمان بگاتێ... شنەی بەیانی ئازادی چۆن هەڵ بکا و دوژمنی غەددار چۆن بە چۆکدا بێ...

لە گەرمەی باسی و خواسی مەدەنییەتمان... لە نێو چەقی تێکگیرانی بیر و هزر و مشتومڕی خۆمانەدا... دەنگێکی سامناک... چەند گرمەیەکی بەهێز و پاشان بۆنی گۆشتی هەڵکزاو و دیمەنی خوێنی پرژاو بە سەر دیوارەکاندا... ئەو مووشەکانەی دوژمنی قین لە دڵ تێی گرتین، پۆلێک لە باشترین ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە و ئازیزترین هاوڕێیانی لێ ستاندین... بەڵام پێی نەکەوتین... هەر بەپێوەین.... لەو کاروانەدا چەند سوارێک و چەند تەوارێکمان گلان... بەڵام وەک دەبینن هەر بەڕێوەین...



سەرچاوە
Serchawe

**شێرکۆ بێکەس گوتەنی:**

**من درەختی ئەم ژیانەم**
**تۆ لەو لاوە من دەبڕیت و**
**لەو لای دیکە من دێمەوە**
**ئازارێکم چەشەی تەور**
**تا بمبڕی من سەرلەنوێ**
**پنج قایمتر دەڕوێمەوە**

**ئەمڕۆ دەمویست بە لاوک و حەیرانێک، یان بە بەستە و پەخشانێک هاوڕێیانم بلاوێنمەوە... هەڵبەستێکی مامۆستا عاشقی هاوڕێمم بەدەستەوە بوو... ئەوەی لەو هەڵبەستەدا دەمدی قسەی نەگوتراوی دڵ و نەبیستراوی ناخی منیش بوو... بۆیە لێرە هەر ئەم هەڵبەستە لە بەرۆکی یادی ئازیزانم دەدەم... ئەو ئازیزانەی بە جەستە بەجێیان هێشتووین، بەڵام لە دڵماندا زیندوون و بەیداخی خەبات و تێکۆشانیان بۆ بەجێ هێشتووین...**

---------------------------------------

## ئەستێرە بارانە

**ئاشق**

**چ بکەم، چ بڵێم هاوڕێیانم؟**
**بە چ شێعرێک بتان دوێنم؟**
**بەگوڕ ئەسرینی خوێناوی**
**بۆ کامەتان هەڵوەرێنم؟**

**بەرگی کام هۆنراوەی بەسۆز**

# شەهید عوسمان عوسمانی




شەهید عوسمانی عوسمانی کوڕی مامۆستا مەلا محەممەد ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی، لە بنەماڵەیەکی گوندی گردئاشەوان سەر بە ناوچەی پیرانشار چاوی بۆ ژیان کردەوە، دواتر ساڵانێک لە ناوچەی پەسوێ ژیاون و چەند ساڵێش لە گوندی کێلێ ی سەر شاخان گیرسانەوە.

قۆناغی ساوایی بە نازی دایک و بابی وەدواخۆدا و خڕەکە و پێڕۆکە بوو، ڕووی کردە قوتابخانەی گوندەکەیان و تێکەڵ بە کۆڕی قوتابیە هاوپۆلەکانی بوو، بەڵام بە هەر هۆیەک بوو تەنیا تا کۆتایی قۆناغی سەرەتایی توانیی بەردەوام بێ و ماڵاوایی لە خوێندن و خوێندنگە خواست.

عوسمان بە هۆی ئەوە کە مامۆستا مەلامحەممەدی باوکی لە ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوییەوە تێکەڵ بە کۆڕی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە لەو سەردەمەدا ماڵەکەیان شوێنی حەوانەوەی تێکۆشەرانی ئەو حیزبە بوو، زۆر زوو لەگەڵ بەرنامە و ڕێبازی ئەو حیزبە ئاشنا بوو. هەر بۆیە بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیدا و، زەوتکردنی دەسەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش، وێڕای مامۆستا مەلا محەممەدی باوکی ڕێگای دیفاعی چەکدارانەی هەڵبژارد.

بە بنەماڵەوە زێد و ژینگەی خۆیان بە جێ هێشت و، شان بە شانی ئاڵا بە دەستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەنگەریان لە هێزە پەلامارده‌رەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان گرت و، لە کۆمیتەی شارستانی نەغەدە ئەرکی بۆ دیاری کرا.

عوسمان یەکێک لەو پێشمەرگە زیرەک و خاوەن بیر و باوەڕانە بووکە زۆر زوو گەشەی کرد و، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی گەیشتە پلەی کادری سیاسی، هەر ئەوسا لە بۆ دیتنی دەورەی ڕایەڵکەی پێوەندی ڕەوانەی ناوەندی بێسیم کرا و، پاش تەواو کردنی دەورەکەی وەک بێسیمچی ئەرکی بۆ دیاری کرا و، پاش ماوەیەک بۆ کۆمیتەی شارستانی بانە نەقڵ کرا.

کاک عوسمان هەموو ناوچەکانی کوردستانی بە ماڵی خۆی و، خۆی بە جگەرگۆشەی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر دەزانی. بۆ هەر جێگایەک مەئمووریەتی پێ سپێرابایە بە گیان و بە دڵ ئەنجامی دەدا و لە سەختی و دژوارییەکانی سڵی نەدەکرد.

ساڵی ١٣٦١ بۆ کۆمیتەی شارستانی نەغەدە نەقڵ کرا و بوو بە ئاڵقەی پێوەندیی نێوان کۆمیتەی شارستان و دەفتەری سیاسی. ساڵی ١٣٦٣ بۆ کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بەڕێ کرا و درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی دا. ساڵی ١٣٦٤ بۆ کۆمیتەی شارستانی شنۆیە مەئمووریەتی پێ سپێرا و هەر بەو ئیمان و ئیرادە بەهێزەوە لە بواری ڕایەڵکەی بێسیمیدا تێکۆشانی درێژە پێدا.

کاک عوسمان یەکێک لەو کادرە خاوەن ئەزموون و دەست پاک و نەهێنی پارێزانە بوو کە ساڵی ١٣٦٥ بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی لە گەورەدێی باشووری کوردستان نەقڵ کرا و بوو بە ئاڵقەی پێوەندیی نێوان دەفتەری سیاسی و سەرجەم هێز و کۆمیتەی شارستانەکان.

هەر ئەوسا لەگەڵ خاتوو خەدیجەی پوورمەند ژیانی هاوسەریی پێک هێنا کە خاتوو خەدیجە ئێستاش لە ڕیزی کادر و پێشمەرگەکانی دێموکڕات لە خەبات و تێکۆشاندایە. دواتر هەر لەو ساڵەدا بۆ بەندیخانەی ناوەندیی حیزب نەقڵ کرا و ئەرکی سەرپەرەشتی و پێڕاگەیشتنی ئەو ئۆرگانەی وە ئەستۆ گرت.

ساڵی ١٣٦٧ وەک بێسیمچی و کادری سکرتاریای دەفتەری سیاسی لە دەبیرخانەی حیزبی دێموکڕات ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ئەرکی بۆ دیاری کرا.

به دوای وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵـەی گـەورەی حیـزب لـە سـاڵی ١٣٧٥دا، کـاک عوسـمان وەک کـادرێکی کارامـە و خـاوەن ئـەزموون لـە سکرتـاریای حیـزب ئـەرکی بـۆ دیـاری کـرا و بـە هـەموو وجوودیـەوە لـە خزمـەت بەرژەوەنـدیی گشـتیی حیـزب و ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێ سپێراوی بوو.

کاک عوسمان مرۆڤێکی سادق و دڵپاک، بێ فیز و دەمار، خاکی و خەڵکی و گەلدۆست و نیشـتمان خۆشەویست بـوو. لـە هـەر ئۆرگانێکدا بایە لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا دەژیا و هەموان بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی.

بەڵام بە داخەوە ئەویش کەم ژیا و بە ئاوات نەگەیشت و، لە مووشەک بـارانەکەی قـەڵای دێموکڕاتـدا گیـانی فیـدای ئـازادیی کرد و بە خوێنی گەشی نەمامی ساوای ئازادیی پاراو کرد.



سەرچاوە
Serchawe

# شەهید کەریم ڕەسووڵزادە ناسراو بە مام شێرکۆ




شەهید کەریمی ڕەسووڵزادە ناسراو بە مام شێرکۆ، کوڕی کاک ڕەحمان، ساڵی ۱۳۴۱ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی وەتماناوێ سەر بە ناوچەی ڕەبەت چاوی بۆ ژیان کردەوە. لە باوەشی دایکی دڵسۆزیدا گەشەی کرد و، پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی وەبەر خوێندنیان نا. ژیرانە دەرسی خوێند و تا کۆتایی پۆلی دووی ناوەندیی درێژەی بە فێربوونی زانست دا. دواتر بۆ ئەوەی چاو لە دەستی ئەم و ئەو نەبێ ڕووی کردە مەیدانی کار و کاسبی و، دابین کردنی بەشێک لە بژیوی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی بنەماڵەکەی وە ئەستۆ گرت.

کەریم کە ئۆگرێکی لەڕادەبەدەری بە وەرزش هەبوو بە هۆی شارەزایی لەوبەشەدا بە کاپیتانی تیمی وەرزشی سەردەشت دیاری کرا.

کاتێک گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقام و کۆڵانەکانی شارەکانی ئێران و کوردستان، کەریمیش یەکێک لەو لاوە خوێن گەرمانە بوو کە هەستی نەتەوایەتیی ناخی ورووژاند و بەرەو شەپۆلی ناڕازییان پاڵی پێوەنا. بە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و، بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و، داسەپاندنی شەڕ بە سەر گەلی کورددا لە لایەن ئەو ڕێژیمە ڕەگەزپەرستەوە، وەک زۆر لە لاوە هاوتەمەنەکانی دیفاع لە گەل و نیشتمانەکەی بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانی. ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی پێوەندیی تەشکیلاتیی دەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دامەزراند و، وەک

ئەندامێکی چالاک و هەڵسووڕ ئەرکی ڕوونکردنەوەی لاوە هاوتەمەنەکانی وە ئەستۆ گرت، ئەو هەڵسووڕان و تێکۆشانە سیخوڕەکانی ڕێژیمی وەگۆمان خست و بە ماوەیەکی دووروودرێژ ڕاپێچی چاڵەڕەشەکان دوور خرایەوە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە.

کەریم پاش ماوەیەک ئەو ئەرکەشی بە کەم زانی و، ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی ڕاستەوخۆ چەکی پێشمەرگەی کردە شان و، تەواو وەخت و بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو.

لە لکی ٢ی شەهید مینەشەم، سەر بە هێزی شەهید موعینیدا سازمان درا و، وەک پێشمەرگەیەکی نەترس و خاوەن بیر و باوەڕ درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامییەکانی دا و، نازناوی مام شێرکۆی بۆ دیاریی کرا.

مام شێرکۆ یەکێک لەو پێشمەرگە ئازا و نەترس و دوژمن تەزێنانە بوو کە زۆر زوو لە نێو دڵی هاوسەنگەرانیدا جێی خۆی کردەوە و، بە هۆی غیرەت و جوامێری شارەزابوونی لە بواری نیزامیدا متمانەی زیاتری پێ کرا و بە فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا.

وەک فەرماندەیەکی کارامە و باوەڕ بەخۆ بوو، لە زۆر شەڕی بە ناوبانگی ناوچەی ڕەبەتدا بەشداریی چالاکانەی کرد و دوژمنی تەزاند. زۆربەی کات لە سەنگەری پێشەوەدا فەرماندەیی دەکردو ، ورەی بە پێشمەرگەکان دەبەخشی و بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی دڵگەرمیی دەکردن. لە هەر سەنگەرێکدا بایە نەترەی دوژمنی دەبرد و چارەنووسی هەڵاتن یا تێداچوون بوو.

مام شێرکۆ یەکێک لەو لاوە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ ورە و ئیرادەی خۆی لە مەیدانی کردەوەدا زیاتر نیشان دەدا و، خۆی بۆ وە ئەستۆ گرتنی ئەرکی قورستر ئامادە دەکرد. هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە بۆ دیتنی دەورەی سیاسی بۆ فێرگەی سیاسی - نیزامی بەڕێ کرا و، پاش تەواو کردنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا گەیشتە پلەی کادری سیاسی.

ساڵی ١٣٧٠ وەک کادری سیاسی لک دیاری کراو ئەرکی ڕوونکردنەوە و پێگەیاندنی پێشمەرگەکانی وە ئەستۆ گرت.

دواتر وەک کادری کۆمیتەی شارستان ئەرکی وە ئەستۆ گرت و، هەر ئەو ساڵە بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت هەڵبژێرا و ئەرکی سەر شانی قورستر بوو. بە دوای پێک هاتنی ناوەندی دووی کوردستان لە بەشی ئەمنییەتیی ئەو

ناوەندەدا ئەرکی وە ئەستۆ گرت و، بەو پەڕی لێزانی و وردبینییەوە درێژەی بە تێکۆشان دا.

مام شێرکۆ مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و بیر و باوەڕی کوردانە، پشوودرێژ و لەسەرەخۆ، زمان شیرین و بە ویقار، خاکی و خەڵکی و کوڕی ڕۆژی تەنگانە بوو.

لە تەنگەبەرترین قۆناغدا ورەی دانەدەبەزی و، لە هەڵوێست گرتندا دوودڵ و ڕاڕا نەبوو. بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە دوو جار لە لایەن بەرپرسانەوە تەشویق کرابوو.

دوایین بەرپرسایەتیی مام شێرکۆ لە بەشی پەزیرش بوو کە تێکۆشانی جێی شانازی بوو. لە کۆنگرەکانی یازدە و دوازدەدا وەک نوێنەری کادر و پێشمەرگەکان بەشدار بوو. بە داخەوە ئەویش لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکڕاتدا شەهید کرا و بە خوێنی گەشی نەمامی ساوای ئازادیی پاراو کرد.



سەرچاوە
Serchawe

# شەهید قادر عێزەتی ناسراو بە مامەقالەڕیشە




شەهید قادر عێزەتی ناسراو بە مامەقالەڕیشە کوڕی کاک سالح ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی چاوگ سەر بە ناوچەی مەریوان چاوی بۆ ژیان کردەوە. وەک زۆر لە منداڵانی گوندەکانی کوردستان لەوسەردەمەدا بە سەرەتایی‌ترین پێداویستێکانی ژیان قۆناغی منداڵی وەدواخۆدا، و بەهۆی تەنگ و چەڵەمەی باری ژیانی بنەماڵەکەی هەلی خوێندنی بۆ نەڕەخسا، و وەک زۆربەی منداڵە هاوتەمەنەکانی نەخوێندەوار مایەوە.

قادر هێشتا لە تەمەنی مێرمنداڵی‌دا بوو کە ڕەوتی ژیان ناچاری کرت ڕووبکاتە میدانی کاروکوێرەوەری و بە کرێکاری و خۆماندوو کردن ئەرکی دابین کردنی بەشێک لە بژێوی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی بنەماڵەکەی وەئەستۆ گرت، ئەو ژیانە نابەرونەبڕاوە زۆر زوو شوێنەواری لە سەر هەستی قادری لاو دانا و هەستی بە ژیانی بن دەستی گەلەکەی دەکرد. هەر بۆیە بە دوای ڕاپەڕینی پڕ شکۆی گەلانی ئێران، و زەوتکردنی دەستەڵات لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، وێڕای زۆر لە لاوانی ناوچەی مەریوان بۆ بەرگری لەدەسکەوتەکانی شۆڕش ڕووی کردە ڕیزەکانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، و تێکۆشانی بەکردەوە و تەواوەختی دەستپێکرد، و لە هێزی زرێواری مەریواندا سازماندرا.

کاک قادر کە نازناوی مامەقالەڕیشەی بۆ دیاری کرا، وەک پێشمەرگەیەکی چوست و چالاک و نەترس و فیداکار ئەرکی وەئەستۆگرت و کاتێک ڕێژیم شەڕی بەسەر گەلەکامدا سەپاند و دیفاعی چەکدارانەی حیزب و ڕیکخراوە

سیاسیەکان هەوێنی گرت، لێبڕاوانە لەبەرامبەر هێرشی دوژمندا ڕاوەستاو، و لە زۆر شەڕی حماسیدا بەشداری چالاکانەی کرد، و بە هۆی نەترسی و شارەزابوونی لە بواری نیزامیدا متمانەی هاوسەنگەرانی وەدەست هێنا و بە فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا و ئەرکی سەرشانی قورستر بوو.

مامەقالەڕیشە ڕۆژ بەڕۆژ لە مەیدانی کردەوەدا لێهاتوویی خۆی زیاتر نیشان دەداو و خۆی بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی قورستر ئامادە دەکرد. هەر بۆیە دوای ماوەیەک بەفەرماندەری دەستە دیاری کرا و درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیزامیەکانیدا.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بە هێندێک هۆی تایبەت لە بەڕیوەبردنی ئەرکی حیزبیدا ژیانی ئاسای دەست پێکردوە. بەڵام ئەو دابڕانە زۆری نەخایاند. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوای پێوەندی لەگەڵ هاوسەنگەرانی لە ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر نوێ کردەوە و لە ناوەندی دووی خواری کوردستاندا سازماندارو لێبڕاوانە ئەرکی وەئەستۆگرتەوە و گەیشتە وەئەستۆ گرتنی فەرماندەری لە پەلێک لە پێشمەرگەکان.

ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی بۆ هێزی پارێزگاری نەقڵکرا، و دواتر ئەرکی پاراستنی بەرپرسانی حیزبی وەئەستۆگرت.

مامە قالەڕیشە لە ماوەی ژیانی پێشمەگایەتی خۆیدا بە هۆی سەرکەوتنی لە بەڕیوەبردنی ئەرکی پێسپێراوی، چوار جار بە نووسراوە لەلایەن بەرپرسانی نیزامیەوە تەشویق کراوە. هەروەها سێجار بە دەستی دوژمنانی ئازادی بریندار بووە. بەڵام ئەو بریندار بوونەش لە پێیان نەخستووە و هەموو جارێ پاس سارێژ بوونەوەی زامەکانی گەڕاوەتەوە سەنگەری دیفاع لە نەتەوەو نیشتمانەکەی.

ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی دوای تێپەڕکردنی دەورەی سیاسیەکان پلەی ئیفتخاری کادری پێدراوە. بەڵام بەداخەوە ئەویش سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەی بە چاوی خۆی نەبینی و بە نامرادی سەری نایەوە. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا بەسەختی بریندار بوو، پاش دوازدە ڕۆژ هەموو هەوڵی دوکتورەکان بۆ نەجاتدانی لە مەرگ بی ناکام مایەوە، و ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان لە نەخۆشخانەی سلێمانی گیانی بە نیشتمان بەخشی.

# شەهید هاوڕێ کارساز (شێخانی)




شەهید هاوڕێ کارساز کوڕی کاک خالید ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی گوندی شێخان سەر بەناوچەی شاری شنۆ چاوی بۆ ژیان کردەوە. بەنازی دایک و بابی بەرەبەرە بە خۆداهات و لە باوەشی پڕ لە خۆشەویستی ئەندامانی بنەماڵەکەیدا باو خۆش بوو، و لە قۆتابخانەی گوندەکەیان و بەر خوێندنیان ناو ژیرانە دەرسی خوێندو و زیرەکانە قۆناغی سەرەتایی و کۆتایی پۆلی دووی ناوەندیشی بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی. دواتر بۆ بەڕێوەچوونی ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی ڕووکردە مەیدانی کار و کاسبی و پاش ماوەیەک پیشەی مکانیکی ڕەچاوکرد و لەو ڕێگایەوە،،،، بۆ باوکی زەحمەتکێش و ماندووی گرت.

کاک خالید باوکی هاوڕێ کە بە ماوەی شەش ساڵان لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ئەرکی دیفاع لە گەل و نیشتمانەکەی وەئەستۆگرتبوو، و بە هۆی برینداربوونی بۆ ماوەیەک لە ناوچەی سەرشاخان لە نەخۆشخانەی حیزب مایەوە، و سەرەنجام ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی لە گەڵ کۆمەڵێک ئاواتی وەدی نەهاتوو کۆچی دوای کرت.

هاوڕێ کە لە منداڵییەوە دەرسی خەبات و خۆڕاگریی لە باوکی کۆچ کردوویەوە فێر ببوو، و وەک لاوێکی خوێن گەرم و تامەزرۆی گەیشتن بە ئازادی، بۆ پڕکردنەوەی سەنگەری باوکی لێبڕاوانە هەڵوێستی گرت و بۆ خزمەت بە حیزب و نەتەوەمافخوازەکەی دوابڕیاری خۆیدا،

لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی خۆی گەیاندە ڕیزە ئاڵا بە دەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرگی پڕلەسەروەریی پێشمەرگەی پۆشی و ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوەی بۆ دەورەی دیتنی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو، و بەهۆی مامۆستا دڵسۆزەکانێ وە کۆمەڵێک ئەزموونی سیاسی و نیزامی پاشەکەوت کردن. دوای تەواکردنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا، لە ڕیزی هاوسەنگەرانیدا سازمان دراو و شانی دایە بەر ڕاپەراندنی ئەرکی پێسپێراوی.

هاوڕێ یەکێک لەو لاوە خاوەن قەولو بەڵێنیانە، و یەکێک لەو پێشمەرگە بە بیروباوەڕانە بوو کە زۆر زوو گەشەی کرد و سەرنجی هاوڕێیانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی متمانەی زیاتری پێکراو. بۆ دەورەی سیاسی ڕوانەی کۆمیسیۆنی ئامووزش کرا. دوای دیتنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدەست هێنا، بەدەستی پڕەوە گەڕایەوە ڕیزی هاوسەنگەرانی و گەیشتە پلەی کادری سیاسی سەرەتا لە هێزی پارێزگاری وەک کادرێکی خاوەن بیروباوەڕ و ماندوو نەناس ئەرکی وەئەستۆ گرت، و بێ نەسرەوتن و هەدادان لەخزمەت بەرژەوەندی حیزب و گەلەکەی دابوو.

ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی بۆ کۆمیتەی ئەمنییەت نەقڵ کراو و هەر بەو ئیمان و باوەڕەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوایدا. ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی ئەرکی پێڕاگەیشتن بە چیشتخانە و ساڵۆنی نان خواردنی کادرو پێشمەرگەکانی وەئەستۆگرت، و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێراوی لە هەموو توانای خۆی کەڵکی وەرگرت. دوایین بەپرسایەتی هاوڕێی لاوی خاوەن قەول و بەڵێن لە کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی و هێزی پارێزگاری بوو. لەو پۆستدا بۆ سازماندانی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی ماندوویی نەناسانە وەخۆکەوت و لە کارکردندا شەویشی بە دەم ڕۆژەوە و هەدادان و سرەوتنی بۆ نەبوو.

هاوڕی لاوێکی خوێندەوار و تێگەیشتوو، و لەخۆڕادیو، خاوەن ئێرادەو باوەڕی بەهێزی کوردانە و حیزبییانە بوو.

چاوەڕوان دەکرا لە داهاتوویەکی نێزیکدا باشتر خۆیی پێبەگەیەنێ و بگاتە پلەی بەرزتری تەشکیلاتی و خزمەتی زۆرتر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوە خۆڕاگرەکەی بکا. بەڵام سەد داخ و مخابن نەگەیشتە ئەو قۆناغەو و دەستی تاوان لە گەلەکەمانی ستاند. لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکراتدا شەهید کراو گیانی بە نیشتمان بەخشی.



سەرچاوە
Serchawe

# شەهید جەمال ئەکبەری




شەهید جەمال ئەکبەری ناسراو بەجەمال عەرەب کوری کاک محەمەد، ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی، لە ئۆردووگای ڕۆمادییەیە چاوی بۆ ژیان کردەوە.

بنەماڵەکەی بەهۆی هەلسووکەوتی دوژمنکارانەی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وێڕای زۆربەی بنەماڵەی دیکەپەڕیوەی هەندەران بوون و لە شاری ڕۆمادیەی عێراق گیرسانەوە.

جەماڵ بەرەبەرە بە خۆداهات و ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر. وەک قوتابیێکی زیرەک و پیتۆڵ دەرسی خوێند، و پۆلەکانی قۆناغی سەرەتایی و کۆتایی سێ پۆلی ناوەندیشی بەسەرکەوتنەوە برین. دواتر بۆ بەڕێوە چوونی ژیانی ئەندامانی بنەماڵەکەی شانیدایە بەر کارو کاسبی و بەکرێکاری و ئارەقە ڕەشتن و دابین کردنی بەشێک لە بژێوی ژیانی ڕۆژانەی وەئەستۆ گرت.

جەماڵ کە تاقە کوڕەی بابی بوو، و بنەماڵەکەشی بە گشتیی ئەندامی حیزبی دێموکرات بوون، زۆر زوو گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخیدا گوورا، و ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی پێوەندیی بە تەشکیلاتی لە گەڵ ئەو حیزبە دامەزراند. ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی ئەو ئەرکەشی بە کەمزانی و تەواو وەخت بە کردەوە تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو. سەرەتا بۆ دیتنی

دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە بۆ فێرگەی سیاسی نیزانی بەڕێ کرا، و پاش دیتنی دەورەکەی بە دەستی پڕەوە گەڕایەوە ڕیزی هاوسەنگەرانی. لە هێزی پارێزگاریدا سازماندرا و ئامادەیی خۆیی بۆ ئەنجامدانی هەر ئەرک و مەئمووریەتێکی حیزبەکەی دەربڕیی.

جەماڵ کە دڵێکی پڕ لە ئەوینی نیشتمانەکەیەوە ئەو ڕێبازە پیرۆزەی هەڵبژاردبوو، دواتر بۆ ناوەندی دووی کوردستان نەقڵ کرا، و هەر بەو ئیمان و ئیرادەوە شانیدایە بەر ڕاپەڕاندی ئەرکی پیرۆزی.

جەماڵ کە لە ناخەوە ئاشق و ئەویندارى ژیانی پێشمەرگایەتی بوو و بەدڵ نیشتمان و خاکی پیرۆزی کوردستانی خۆشدەویست و وەک هەموو ئازادیخوازان ئاوات و ئامانجی وەدیی هاتنی مافی نەتەوەیی بوو و هەروەها بۆ درێژەدانی ڕێبازی پیرۆزی شەهیدان کە بە ئەرکی پیرۆزی دەزانی، و هەر بۆیەوە کە لە وڵاتی کانادا خەریکی ژیانی ئاسای خۆیی بوو هەستی نەتەوەیی ویژدانی ئیزنی پێنەدا بێلایەن بێت نەک جارێ بەڵکوو دوو جار وڵاتی نیشتەجێی بە جێی هێشت و هاتەوە نێو ڕیزی هاوسەنگەرانی کە بەداخەو ئەویش بە ئاوات و ئامانجی دێرین نەگەیشت و لە مووشەک بارانەکەی قەڵای دیموکرات گیانی بە نیشتمان بەخت کرت.



# شەهید مەنسوور ئەکبەرپوور




شەهید مەنسوور ئەکبەرپوور کوڕی کاک هاشم ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی مامناوەندیی لە شاری مەهاباد چاوی بۆ ژیان کردەوە قۆناغی ساوایی وەدوا خۆدا و لە یەکێک لە خوێندنگاکانی ئەوشارەدا لە گەڵ دنیای عیلم و زانست ئاشنا بوو.

مەنسوور یەکێک لەو قوتابییە دەرس خوێنانە بوو کە زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی مامۆستاکانی، و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتنەوە بڕین و بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بڕوانامەی فۆقی دیپلۆمی وەدەست هێنا، و دواتر لە گەڵ کاک هاشمی باوکی لە بواری ددانسازیدا دەستی بەکار کرت.

مەنسوور دوای چەند ساڵ لە زانستگەی علوومی پزیشکی شاری تەورێز بڕوانامەی لابراتووری ددانسازی وەدەست هێنا، بەڵام کاتێک زەبروزەنگ و ئیعدام و ڕەشەکوژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی دەرحەق بەگەلەکی بینی، نەیتوانی بێلایەن دانیشێ و بۆ دیفاع لە نەتەوەو نیشتمانەکەی بەئەرکی سەرشانی خۆیی زانی، و بۆ گەیشتن بە خەون و ئاواتەکانی لە بەرنامەو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە چاو ئەنگاوت ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی خۆیی گەیاندە بارەگای ئەو حیزبە و پاش لێکۆڵینەوە بۆ دیتنی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی کرا.

مەنسوور پاش دیتنی دەورەکەی بە ئیمانێکی پتەو و بەڕێبازەکەی ئەرکی پێشمەرگایەتی وەئەستۆ گرت و لە هێزی

پارێزگارییدا سازماندرا بەڵام بەداخەوە هێشتا زیاتر لە چەند مانگ بەسەرتەمەنی پێشمەرگایەتیدا تێنەپەڕیبوو کە ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە هۆی مووشەک بارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لە قەڵای دێموکرات گیانی بە نیشتمان بەخشی و خوێنی کوڕە تاقانەکەی کاک هاشمیش تێکەڵ بە خوێنی ١٣ هاوسەنگەرەکەی بوو.



سەرچاوە
Serchawe

# شەهید پێشەوا عەزیزپوور




شەهید پێشەوا عەزیزپوور کوڕی کاک سەید عومەر. ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی شاری بانە چاوی بۆ ژیان کردەوە. هێشتا تەمەنی نۆ مانگ بوو کە سەید عومەری باوکی لە ڕووداوی هاتووچۆدا کۆچی دوایی کرد و چێژی لە هەستی باوکایەتی وەرنەگرتووە و ئەرکی پێڕاگەیشتن و پێگەیاندنی خۆی و براکەی کەوتە سەر شانی دایکی دڵ بە زامی.

پێشەوا لەو پەری ناز لێ شێواوی دا گەشەیٚ کردو تەمەنی هەڵکشا و ڕێگای خوێندنگەی گرتە بەر. بەهۆی زیرەکی و دەرس خوێنی لە پۆلی سێ سەرەتایی بەولاوە نێردرایە خوێندنگەی تیژ بیران و بە ئۆگریەوە دەرسی خوێند و قۆناغەکانی خوێندنی یەک لە دوای یەک بە سەرکەوتوونەوە بڕین.

پێشەوا کە لە ڕشتەی زانستدا دەرسی دەخوێند لە کۆتایی پۆلی دووی دوا ناوەندی دا کە بە هۆی سیاسەتی ڕەشە کوژی سەرکوت و خەفەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەر هەق بە گەلەکەی، گەرای بیری ئازادیخوازی لە ناخی دا وە گڕوگاڵ کەوت و، دژایەتی لە گەڵ سیاسەتی دژ بە کوردی ئەو ڕیژیمەی بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانی. ساڵی ١٣٩٣ دوابڕیاری خۆی داو هەڵی ڕەخساندو خۆی گەیاندە ڕیزی ئاڵا بە دەستانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. سەرەتا بۆ دیتنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە ڕەوانەی فێرگەی سیاسی نیزامی کراو، پاش تەواو کردنی دەورەکەی کە سەرکەوتنی بەرچاوی تێدا وەدەست هێنا، بەرگی پڕ لە سەروەری پێشمەرگەی پۆشی و لە ڕێزی تێکۆشەرانی هێزی پارێزگاری دا سازمان درا.

پیشەوا یەکێک لەو لاوە زیرەک و باوەر بە خۆ بووانەو، یەکێک لەو پێشمەرگە خاوەن بیر و باوەڕانە بوو لە زۆر زوو سەرەنجی هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بوو خۆشەویستی هەموان.

پاش ماوەیەک بۆ کۆمیتەی ئەمنیەت نەقل کراو، هەر بە ئیمان و باوەرەوە درێژەی بە راپەراندنی ئەرکی پێ سپێراوی دا. دواتر بۆ شاخ نەقل کراو، بە هۆی؟؟؟ چوویی و سەرکەوتنی لە بەرێوەبردنی ئەرکی پێ سپێراوی، مەتمانەی زیاتری پێ کراو بە فەرماندەری یەکێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا کە بە هەق شیاوی ئەو مەسئوولیەتە بوو، پاشان گەرایەوە بۆ هیزی پارێزگاری و لە پەلی تایبەتی ئەو هێزە دا تێکۆشانی بێ وچانی درێژە پێ دا.

پێشەوا لە گەڵ ئەوە دا پێشمەرگەیەکی چالاک و فەرماندەیەکی لێزان و خاوەنی بیر و باوەرێکی بەهێزی کوردانە و حیزبی یانە بوو، ئوگرەیەکی لە ڕادە بە دەری بە زۆرانبازی و بازی فووتباڵ هەبوو. لە چەندین کێ بەرکێ ئەو بوارە بەشدار بووە مەقامی بەرزی وەدەست هێناوە. لەسەر یەکێک لەو رۆڵە فیداکارو دڵ پڕ لە ئاواتانە بوو کە داهاتوویکی گەش چاوەرۆانی بوو. بە داخەوە نەگەیشتە ئەو قوناغە کە بگاتە پلەی بەرزتری تەشکیلاتی و خزمەتی زۆرتر بە حیزب و نەتەوە ماف خوازەکەی بکا و بە جوانە مەرگی سەری نایەوە. لە مووشەک بارانەکەی قەلاّی دێموکرات دا شەهید کرا و بە خوێنی گەشی نەمامی ساوای ئازادی پاراو کرد.

# شەهید فاروق حەسەن خەیات




شەهید فاروق لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی(١٩٨٦ز) لە شاری بۆکان لەنێو بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بوو، پاش ڕەوانەکردنی بۆ قوتابخانە توانی سەرکەوتووانە بڕوانامەی فەوق لیسانس (کارناسی باڵا)ی لە ڕشتەی موهەندسی کشاوەرزی وەدەست بهێنێت؛ شەهید فاروق نموونەی پێشمەگەیەکی لێهاتوو، ئازا و وشیار بوو کە بەو هۆیەوە بوو بە مامۆستای فێرگە و وەک کادرێکی سیاسی و نیزامی بەبڕشت ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی خۆی لەوپەڕی دڵسۆزیدا بەڕێوە دەبرد.

# شەهید موختار قادرپوور




شەهید موختار ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی(١٩٨٣ز) لە ئاوایی تایربۆغەی سەر بە شاری سەقز لە نێو بنەماڵەیەکی گەلدۆست لە دایک بوو. شەهید موختار یەکێک لەو  پێشمەرگە گیان لەسەر دەست، ئازا و لێهاتووانەی حیزب بوو کە دلسۆزانە کار و ئەرکە حیزبییەکانی بەڕێوە دەبرد و بەهۆی ئاکارە شۆرشگێڕانەکانی ببوە سەرباشقەی هاورێ و هاوسەنگەرانی، هەر بەو هۆیەشەوە بوو بە مامۆستای فێرگە و وانەکانی نیزامی فێری فێرخوازانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە دەکرد.

